IRAQ- KURDISTAN PARLIAMENT
Kurdistan-Hawler

No: ٢٩١٥
Date: ١٤/٥/١١

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق
کوردستان ـ هەولێر

ژمارە: ٩
بەروار: ٧/٥/١٤ ز

## بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

## بابەت/ پرۆژە یاسای (بەکار کردنی یاسای خانەنیشینانی یەکگرتووی عیراق ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان )

بەڕێزان ئێمە بەژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران کە لەخوارەوە واژۆمان کردووە داوا دەکەین پرۆژە یاسای (**بەکار کردنی یاسای خانەنیشینانی یەکگرتووی عیراق ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان**) بخرێتە بەرنامەی کاری دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان تا گفتوگۆیان لەسەر بکرێتو پەرلەمان پەسەندی بکات.

**ماددەی یەکەم :**

یاسای ژمارە ( ) ی ساڵی ٢٠١٤ی عێراق یاسای خانەنیشینانی یەکگرتوو لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

**ماددەی دووەم :**

لە هەر کوێی یاساکەدا ناوی دام و دەزگاو پۆستی حکومی ئیداری و زانستی و ئەکادیمی هاتبێت ئەوا دام و دەزگا پۆستە هاوشێوەکانیان لە هەرێمی کوردستان شوێنیان دەگرنەوە.

**ماددەی سێیەم :**

برگەی (چوارەم) لە ماددەی (٣٥) لە یاساکەدا هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەی لێ دێت :-

بەدەر لە حکومەکانی ماددەی (٢١/دووەم) لەم یاسایە:-

دادوەر و ئەندامانی دواکاری گشتی یان جێگرەوەکانیان لە کاتی خانەنیشینکردندا مووچەیەکی خانە نیشینیان پێ دەدرێت بە ڕێژەی (٦٠٪) ی کۆی زیاتر نەبێت (١٥٠٪) دوا مووچەو دەرماڵەکەی وەردەگرێت لە ماوەی خزمەتیدا( بە مەرجێك دەرماڵەکانیان زیاتر نەبێت (١٥٠٪) مووچەی وەزیفەیکەی لەم حاڵەتانەی کە لە یاساکەدا هاتووە.

**ماددەی چوارەم : برگەی پێنجەم لە ماددەی (٣٥) لە یاساکەدا هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەی لێ دێت:-**

**بە دەر لە حکومەکانی ماددەی (٢١/دووەم) لەم یاسایە:-**

**١- فەرمانبەرانی خزمەتی زانکۆی یان جێگروەکانیان لە کاتی خانەنیشینکرندا مووچەکەیان پێ دەدرێت بە ڕێژەی (٦٠٪) کۆی دوا مووچە و دەرماڵە کە وەردەگرت لە ماوەی خزمەتیدا بە مەرجێك کۆی دەرماڵەکان زیاتر نەبێت لە (٢٠٠٪) مووچەی وەزیفەیکەی لەو حاڵەتانەی کە لە یاساکەدا هاتووە.**

ماددەی پێنجەم : (بڕگەی شەشەم) لە مادەی (٣٥) لە یاساکەدا هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی لێ دێت:
بەدەر لە حکومەکانی ماددەی (٢١/دووەم) لەم یاسای:
سەفیر لە کاتی خانەنیشینکردندا مووچەیەکی پێ دەدرێت  بە ڕێژەی (٦٠٪) لە سەدا شەستی ئەو مووچەو دەرمالانەی کە هاوکارەکانی وەریدەگرن لە وەزارەتەکاندا (بە مەرجێك دەرمالەکانی زیاتر نەبێت لە ١٠٠٪ مووچەی وەزیفەکەی) لەو حالەتەی لە یاساکەدا هاتووە

ماددەی شەشەم: بڕگەی حەوتەم لە ماددەی (٣٥) یاساکە هەموار دەکرێتەوە، بەم شێوەی لێ دێت:
بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە گشت دام و دەزگاکانی دەولەتدا لە کاتی خانەنیشینکردندا مووچەیەکیان پێ دەدرێت بە ڕێژەی ٦٠٪) لە کۆی دوا مووچە و دەرماڵەکانیان لە ماوەی خزمەتدا.

١- خالی (٢) لە بڕگەی ( یەکەم لە ماددەی ٣٧ لە یاساکە هەموار دەرکێتەوە بەم شێوەی لێ دێت:
- بەرامبەر بە هەر ساڵێکی خزمەت ڕێژەی (٢,٥٪) لە سەدا دوو نیو لە کۆی دوا مووچە و دەرمالە دەخرێتە سەر مووچەی خانەنیشینی بە مەرجێك لە (٦٠٪) ی دوا مووچەو دەر ماڵەکەی کە لەکاتی خزمەتدا وەریدەگرت تێ پەر نەکات لەم حالەتانەی خوارەوەدا:
أ- ئەگەر تەمەنی خانەنیشینی تەواوکردبوو
ب- ئەگەر بە هۆکاری تەندروستی نەیتوانی هەڵستێت بەکارەکانی پاڵپشت بە ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی.
ت-ئەگەر کۆچی کرد لە ماوەی خزمەتکرندا بێ گوێدانە تەمەن و ساڵانی خزمەت.
پ-ئەگەر خۆی داوای خانەنیشینی بکات بە مەرجێك ماوەیەك خزمەتی هەبێت کە لە (١٥)ساڵ کەمتر نەبێت
٢- زیاد کردنی بڕگەی (پێنجەم) بۆ ماددەی (٣٧) بەم شێوەیە:

پێنجەم/ هەڵوەشاندنەوەی خانەنیشینی هەموو ئەوانەی بە یەکێك لەو پلەی وەزیفانەی  بڕگەی (یەکەم) لەم ماددەیە خانیشین کراون بێ ئەوەی بە فیعلی پیادەی ئەم وەزیفانایان کردبێت، وە مامەلە لەگەڵ کردنیان بەپێی سالانەی خزمەت تەمەن بە گوێری ئەم یاسایە
مادەی هەشتەم/ لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان پێویستە ناوەرۆکی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.
مادەی نۆیەم: لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابووری پێویستە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە دەربکات.
ماددەی دەیەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەل دەقەکانی ئەم یاسایە.
ماددەی یانزدەیەم: ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی وقائیعی کوردستان کاری پێدەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن/**

لە پێناوی دابین کردنی ژیانێکی شەرف مەندانە بۆ ئەو کەسانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە وە لە پێناو چەسپاندنی دادی کۆمەلایەتی و کەم کرنەوەی جیاوازی لە نێوان مووچەی خانەنیشینی بۆ پلە جیاوازەکان، هەروەها بە مەبەستی فراوانکردنی بازنەی ئەو کەسانەی کە خانەیشینی دەیانگرێتەوە ئەم یاسایە دەر چوێنرا.

| ژمارە | ناوی پەرلەمانتار | واژۆ |
|---|---|---|
| -١ | درخشان کو حمه ئەمین قادر | |
| -٢ | زرنگا محمود عبدالله | |
| -٣ | ئەڤار محمود فتاح | |
| -٤ | گەروا علی | |
| -٥ | منیرە عثمان | |
| -٦ | ئیشقار ابراهیم | |
| | | |
| -٧ | برزۆ مجید عبدالله | |
| -٨ | جوان اسماعیل | |
| -٩ | انور قادر | |
| -١٠ | گەری صالح | |
| -١١ | عادل عزیز | |
| -١٢ | حسن صالح محمد | |
| -١٣ | | |
| -١٤ | | |
| -١٥ | | |
| -١٦ | | |
| -١٧ | | |
| -١٨ | | |
| -١٩ | | |
| -٢٠ | | |
| -٢١ | | |
| -٢٢ | | |
| -23 | | |
| -٢٤ | | |
| -٢٥ | | |
| 26 | | |
| 27 | | |
| 28 | | |